# كەركوك و وەفایەك بۆ ڕابردوو

عەلی مەحمود محەمەد*
2005-3-3

هەمومان ئەو ڕۆژانەمان لە یادە كۆمەڵ كۆمەڵ كورد و نەتەوەكانی كە لە شاری كەركووك دەرەكران ئەو دەنگانە كەم بوون بەرەو ڕوی ئەو سیاسەتە بوەستنەوە , ژیانی ناخۆشی ئاوارەكان لە ناو كەلاوەكان و سەربازگە ڕوخاوەكان , برسێتی و تێنوییەتییان , بێكاری و برسێتی.... , سوكایەتی پێكردن و ئیهانە كردنییان . هەمووومان لە یادمانە عەلی قەلاب لە جادەی باداوە و بنەسەلاوە ئەوەی بە چێری بوتایە مانگا حەسیر مەیدانی دەكرد , سەعدی ئەحمەد پیرەش لە یادی یەكی ئایاردا ووتی: ئاوارەكان شاری هەولێرییان پیس كردووە , هیچ پارتێكیش لەگوڵ زیاترییان پێیان نەووت , ئەوە باسی چیرۆكی تەیرەكانی سەر لوتكەی حەسیب ساڵح و ئاوارەی گەورەو بچوك لەبەر شەرمەزاری هەر ناكەم .

ئەو ڕۆژە سەختانە , لە كوردستان كۆمەڵێك لاو بە ئەزموونی سیاسی كەمەوە , بە پولی گیرفانی خۆمان كۆمەڵەی ئاوارەكانمان دامەزراند , لە هەر شوینێك هەڕەشەی دەركردن , برسێتی , ئیهانە هەبوایە كۆمەڵەی ئاوارەكان ئامادە بوو , لە بەردەم پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران , ناو پارێزگا و كۆنە سەربازگاكان ئامادە بوین , تاكە كەم و كوڕی ئەم كۆمەڵەیە ئەوە بوو گرنگی بە لایەنی سیاسی و سیاسەتی تەعریبی كەركوك نادا , یان نامانزانی یان خۆمان لێ لادەدا بەهۆی هەندێك بۆچونی سیاسی زاڵ بەسەر كۆمەڵەكەوە , بەڵام ڕۆبن هودێك بووین بۆ ئاوارەكان , شاپور , قابیل , شوان داودی , حاجی چالاك , عەبدواڵلە سولەیمان , گۆران عبدواڵلە , كاوەی ئارد و یوسف شورتە , شەوقی و كامەران , شەهاب و نەجات و ڕەفعەت كەركوكی , یوسفە سور و نەوشیروان , مام عومەر و قادر و جەماڵ كۆشش و ڕێبوار و ڕیاز كاكەشین و نەجیبە و خدر و خەسرەو , ئەحمەد و حوسێن ,عوبێد و سەردار , هەموو دەستەی دامەزرێنەر و نوێنەرانی ئاوارەكان بوون و دڵسۆزانە كارییان بۆ كێشەكە دەكرد . ئەوانە یەكەم دەنگ بوون ووتییان نا بۆ ناعەدالەتی بەرامبەر كەركوكی و ئاوارەكان لە كوردستان لە دوای ڕاپەڕینەوە .

پاشان كە ڕێكخراوی ئاوارەو ئەنفالەكانی كوردستان دامەزرا , هەڵوێستی ڕون بوو لەسەر ناسنامەی كوردستانی بوونی كەركووك , جگە لە ڕەتكردنەوەی نایەكسانی سوكایەتی بە كەركوكی و ئاوارەكان لە كوردستان , داكۆكی كردن لە كوردستانی بوونی كەركوكیش ئامانجی سەرەكی بوو , یەكەم بەیاننامە لە دوای ڕاپەڕینەوە , دژ بە نەناسینی كەركوك بە بەشێك لە كوردستان وەك وەڵامی پارتێكی توركمانی ئەم ڕێكخراوە دەری كرد , دژ حزبی وەتەنی توركمانی لە بەرواری 26-8-1996 , دەتوانن لە ئارشیفی ڕۆژنامەكانی ووڵات و ڕێگای كوردستان و هەندێكی كە بیبینن , سەرباری ئەوەی هەزاران دانە لە بەیاننامەكە دابەشكراو پارتی وەتەنیش لەو ڕۆژانە زریكەی كردبوو لە ترسان . لەم نێوەدا جێی خۆیەتی ناوی بەڕێزان فەلاح حەسەن و عادل عوسمان و بەدرەدین ساڵح و فەرهاد خالید و محەمەد مەلا سدیق , مامۆستا ڕەحیم و كاك خالید كاوێس , مەهدی كاكەیی , كاك عوسمانی خەتم و دلێر محەمەد شەریف و بەختیار و ڕزگار مام بۆرە و مامۆستا سابیر و ڕاكانی ئەنجومەن و كاك زیاد و حەسیبی پارتی كار و ڕزگار كۆچەر و سەلاح مەزن و قادر و عەباس و كاوە و هەموو خێزانی ئال نادر و لالۆ ڕەنجەو سەرهەد تۆفیق و

ڕزگار حەساری و ئاسۆو د.نەوزاد و قاسم نۆکانی و زۆری کەش لە یاد نەکرێن , سەرباری زۆرێك لەوانەی لە کۆمەڵەی ئاوارەکانەوە هاتنە ناوئەم ڕێکخراوەوە ناوەکانییان دوبارە نانوسمەوە و هەموو ئەوانەشی بەداخەوە لە یادم کردن .

بەڵێ ئەمانە بەردەوام لە پێشەوەی ئاوارەکانەوە بوون بۆ نان و وەستانەوە بەرەو ڕوی سوکایەتی بە کەرکوکی و ئاوارەکان , لەو کوردستانەی جگە لە قوربانی دان هیچی کەی بۆ کەرکووکییەکان تێدا نەبوو .

کارەکانی ئێمە نایەتوانی وەڵام بەو کێشە مێژوییە گەورەیە بداتەوە کە ناوی کێشەی کەرکووکە , تەنها کەلەبەرێکی مرۆییمان پڕ کردبووەوە . ئەرکە گەورەکە چەند قەڵەمێکی بە پێزی دڵسۆز بۆ کەرکووك گرتیانە ئەستۆ , ڕچەی بابەتێکییان شکاند پێشتر باس کرابوو , بەڵام دوور لە زانستی و بە ناوەڕۆکی هەڵچون و دەمارگیری نەتەوەیی و ئەفسانە خولقاندن و دروشم بازییەوە نوسرابوون , ئەوەی ئەو ڕچەیەی شکاند پێنوسەکەی د. نوری تاڵەبانی بوو , لە دواییدا د. جەبار قادریش درێژەی پێدا , ئەوان وەك دوانەیەکی پسپۆر لە کێشەی کەرکوك دەرکەوتن , د. جەبار وەك مێژوو نوسێکی ڕیالیست , دور لە دەمارگرژی نەتەوەگەرایی , بەشێوەی ئەکادیمی ئەو ڕچە ڕێگەیەی د.نوری لە ڕویی یاساییەوە شکاندی ئەو بەرگێکی مێژووی بەبەردا کرد , توانی کێشەی کەرکوك بکاتە کێشەیەکی مێژوویی , بە هەردوکیانەوە یەك مەلەف تەواوییان لەسەر کەرکووك بۆ کورد لە ڕوی یاسایی و مێژوییەوە بەرهەم هێنا , تا کورد و کەرکوك مابێت بەس بن بۆ سەلماندنی کوردستانی بوونی کەرکووك بەڵام بە فرە نەتەوەییەوە .

ئەمڕۆ کە باس لە کەرکووك گەرمە و کورد خۆی بە سەرکەوتوو دەزانێت قەرزاری هەموو ئەوانەیە لەڕابردودا بۆ کەرکوك تێکۆشاون . سەرباری ئەوەی دەبوایە هێزە سیاسییەکانی کوردستان خەریکی هەڵپەی کورسی خۆیان نەبونایە ئەو دوو زاتەو چەندان نوسەری وەك ئازاد شێخانی و عەونی داودی کە بە ڕاستی نوێنەرایەتی برایەتی نەتەوایەتین لە کەرکووکدا لە بیربوایە , ئەوان بە ئەقڵی برایەتی خوازی و نیشتمانی مۆدێرن و دیموکراسییەوە کورسییەکانی ئەنجومەنی کەرکوکییان پڕ کردایەتەوە.

کەرکووك بگەڕایەتەوە بۆ کەرکوکییەکان , نان بۆ نانەوا گۆشت بۆ قەساب .

هەروەها پێویست بوو ناوی شەقام و ڕێگاو بانەکان بە دڵسۆزانی وەك شێخ مارف و شاپور و قابیل ناو بنرایان , کە بەڕاستی خزمەتێکییان بە کەرکوکییەکان کردووە تا ئەم شارە مابێت نابێت ئازایەتی ئەوان لە یاد بکرێت .

---

* ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵەی ئاوارەکان و ئەندامی لیژنەی باڵا _ سکرتێری پێشوی ڕێکخراوی ئاوارەو ئەنفالەکانی کوردستان .